# شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە قەزای پشدەر

م. ڕێژنە معروف حسین
زانكۆی ڕا پەڕین
فەكەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی كوردی

پێشەكی:

قسەو توێژینەوە لەسەر شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزی نێرو مێ لەساڵی حەفتاكان بە دواوە زیاتر كراوە، چونكە زمان دەكرێت بە گەلێك شێواز بەكار بهێنرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە پیاو و ئافرەتی كورد هەردووكیان زمانی كوردی بەكاردێنن، بەڵام هەریەك لەوان شێوازێكی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش بۆ هەموو زمان و نەتەوەكان شتێكی دروستە، هەروەك چۆن ( Ronald) پێی وایە لە ناو زمانی ئینگلیزیش كۆمەڵی پیاوان و ئافرەتان شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییە بایۆلۆژیانەی، كە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدایەو ڕەنگدانەوەیان لەسەر شێوازی زمان و فەرهەنگیان، كە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازی جیا جیا دروست بێت.(Ronald ,١٩٨٦:٣٠٢) هەریەك لە هۆكاری ڕەگەز، تەمەن، پیشە، چین و توێژی كۆمەڵایەتی ڕادەو پلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ئاین هۆكارن بۆ دروستبوونی شێوازی تایبەت لە زماندا. هەروەها لە ناو پیاوان و ئافرەتانیش شێوازی قسەكردنی كەسێك لە كەسێكی تر جیاوازە ( هەموو شێوازێك وێنەیەكە، تایبەتە بە خاوەنەكەی، تێیدا ڕێگەی و چۆنیەتی بیركردنەوە، ڕوانینی بۆ شتەكان و لێكدانەوەیان و سروشتی هەڵچوونەكانی دەردەكەون.) (أحمد الشایب،١٩٦٦:١٣٤) واتە دەتوانین بڵین هەموو كەسێك شێوازێكی تایبەت بەخۆی هەیە، چونكە هەریەك لە سروشتی ئەندامەكانی، باری كۆمەڵایەتی، ئاستی هۆشیاری، ژینگە، گەشەو پەروەردە كاریگەری هەیە، بە شێوەیەك بارودۆخی قسەكەرو كەسایەتی و پێكهاتەی جەستەی و عەقڵی كاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر شێوازو دەربڕینی قسەكەر، قسەكەرێك ئەندامێكی جەستەی نەخۆش بێت لەسەر شێوازی قسەكردنەكەی ڕەنگدانەوەی دەبێت زیاتر شێوازی ڕەشبین و خەمۆكی پێوە دیارە.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری زمانەوانی كۆمەڵایەتییەوە. سنوری توێژینەوەكە قەزای (پشدەر)ە سەر بە شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاستە، كە لە بەشی یەكەمدا ئاماژە بە شوێنی جوگرافییەكەی كراوە. گرنگی توێژینەوەكە نیشاندانی جۆرو چەشنی بیركردنەوەی ئافرەت و تێڕوانینیان بۆ سروشت و دەوروبەر و ڕەنگدانەوەیان لە قسەكردنیاندا بەدیارخراوە. بەگشتی ئامانجمان دەرخستنی تایبەتییەكانی ئاخاوتنی ئافرەتی پشدەرە لەڕێگەی وەرگرتنی نموونەكان لە ئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەیان. توێژینەوەیەكی كارەكییە بەپێی ڕێبازی وەسفی ئەنجام دراوە ، هەندێكجاریش واتای نموونەكان ڕوونكراوەتەوە، كە لە پێشەكی و دوو بەش و ئەنجام پێكهاتووەو لەكۆتایدا كورتەی توێژینەوەكە بە زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراوە، لەبەشی یەكەمدا سەرەتایەك دەربارەی شێوازو شێوازی ئەم توێژینەوە، شێواز و زانستی زمان، پێناسەی ئاخاوتن، زمان و ڕەگەز،

فەرهەنگ و زمانی ئافرەت، تایبەتییەکانی دەربڕینی ئافرەت. لە بەشی دووەمدا شێوازی ئافرەت لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا خراوەتە ڕوو.

**بەشی یەکەم**

وشەی شێواز بۆ زۆر بوار بەکار هاتووە لەوانە مۆسیقا، گۆرانی، وێنە کێشان، پەیکەرتاشی، بواری سیاسی و ئابووری ، مۆدە...هتد. (ناوەڕۆکی وشەی شێواز ئەوەندە فراوانە، ئەگەر بیخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێك بیری سەربەخۆی لێ دەبێتەوە.) (پەخشان عەلی ئەحمەد،٢٠٠٧: ٦) لەبەرئەوەی بۆ زۆر بابەتی جۆراو جۆر بەکاردەهێنرێت ناساندن و پێناسەکردنی کارێکی گرانەو بە پێناسەیەك ناتوانرێت گوزارشت لەو واتا فراوانەی بکرێت، چونکە بۆ هەر بوارێك لەو بوارانەی لەسەرەوە خرانە ڕوو جۆرە پێناسەیەکی تایبەتی بۆ دەکرێت، بە جۆرێك، کە مۆرك و سیمای ئەو بوارەی پێوە دیار بێت. بەو هۆیەوە نەتوانراوە پێناسەیەکی پڕاو پڕ بۆ چەمکی شێواز بکرێت، لەبەر ئەوەیە بە چەندین شێوە پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە. پێناسەکانیش بە پێی ڕاو بۆچوونی ئەو کەسانەی، کە لە ڕێبازو قوتابخانەی جیا جیاوە دەڕواننە بابەتی شێواز دەگۆڕێت. بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین بریتییە لە ڕێگەی دەربڕین ئینجا لە هەر بوارێك دا بێت، چونکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ زۆربەی بوارەکان دەشێت.(شیلان ڕەحیم ئیبراهیم،٢٠٠٤: ٦)

وشەی شێواز لە بواری ئەدەبیدا زۆر بەکارهاتووە، لە زۆربەی توێژینەوەکان شێواز وەك چەمکێکی ئەدەبی سەیرکراوە و لە شێوازی نوسەرو شاعیران کۆڵدراوەتەوە بە جۆرێك، کە ناوی هۆنراوە یان چیرۆك یاخود ڕۆمان و پەخشان دێنین ڕاستەوخۆ شێوازی نوسینەکەمان دێتە بەرچاو واتە لەبەر زۆر بەکارهێنان لە بواری ئەدەبدا سواوە و زۆر لەمێژە شوێنی تایبەتی هەیە. واتە شتێکی ئاسایە لە تەم و مژی واتایدا بێت و پێویستی بە ڕوونکردنەوەو سنور دیاریکردن بێت.( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٨٧). بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین و تیشکی بخەینە سەر شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتی قەزای پشدەرە(*) لە بوارو بۆنە کۆمەڵایەتییەکانە نەك باسکردنی وشەی شێواز لە بواری ئەدەبیدا، چونکە شێواز هەر لە بواری ئەدەبیدا بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ بواری زمانیش بەکاردێت. واتە لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: (مەبەست لە شێواز ئەو کۆمەڵە تەکنیکەیە، کە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێك لە ئاخاوتنی کۆمەڵە کەسێکی تر جیادەکاتەوە.) ( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠: ٨٧). واتە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لە شێوازی هەڵبژاردنی کەرەستە زمانییەکان و چۆنیەتی گۆکردنیان ئەم کەرەستانە جیاوازن، چونکە هەر قسەکەرێك کەسایەتییەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو کەسایەتییەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا، کە پێی دەوترێترێت شێوازی قسەکەر وەك چۆن (ماکس جاکوب دەڵێت: کرۆکی مرۆڤ لە شێوازی زمان و هەستەکانیدا شاراوەتەوە، واتە لە ڕێگەی دەربڕینی شێوازی ئەو هەستانە کەسایەتیمان بۆ دەردەکەوێت.) (صافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠٠٩: ١٧). لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین شێواز بریتییە لەو ڕێگایەی یاخود لەو ڕێچکەیەی، کە تاك دەیگرێتەبەر لەکاتی ئاخاوتن یان هەرکارێکی تر، بۆ ئەوەی شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئنجا بە مەبەست یاخود بێ مەبەست بێت.

(*) قەزای پشدەر دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە. لە ڕووی فیزیۆگرافیەوە بە ناوچەیەکی چیایی دادەنرێت. زنجیرە چیاکانی قەندیل و چواس و بڵفەت بەخۆرهەڵاتیدا دەکشێن و سنووری نێوان عێراق– ئێران پێکدێنن، لە باکووریشەوە لەگەڵ پارێزگای هەولێر هاو سنوورە. چیای کێوەڕەشیش لە باکووری خۆرئاوا سنووری نێوان هەردوو قەزای پشدەر و قەزای ڕانیە دیاریدەکات، زێی بچووکیش سنووری خۆرئاواو باشووری خۆرئاوای پێکدێنێت، کە لە قەزای دووکان جیای دەکاتەوە. (علی حسن علی:٢٠١١، ١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

٢-١ شێوازو زانستی زمان:

چۆمسکی جیاوازی شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەستەواژانەی، کە لە مانادا هاوواتان، بەڵام لە داڕشتندا جیاوازن ( لەوانەیە داڕشتنی ناوەوەی ڕستە بناغەیەکی گشتی بێت بۆ مانای واتاکان لە هەموو زمانەکاندا، هەروەها ئەو داڕشتنە چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت، بەڵام لە مانادا لە یەك دەچن و دەتوانرێت ئەو جیاوازیانە لە ڕستەی هاوواتادا، بە جیاوازی شێواز ناوبنرێت.)(صلاح فچل،١٩٨٥:٢٢)

(هۆکێت) پێی وایە ( شێواز بریتییە لە دوو گوزارشت لە یەك زمان هەمان زانیاری بگەیەنن، بەڵام لە داڕشتنی زمانەوانیدا جیاوازبن، واتە دەتوانرێت بگوترێت لە شێوازدا جیاوازبن.) (پەخشان عەلی ئەحمەد،٢٠٠٧:١٦).

بۆ نموونە، کە دەڵێین:

١- زوو هات.

٢- پیش کاتی خۆی گەیشت.

هەردوو ڕستەکە باس لە ( هاتن) دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بە دەربڕین و شێوازێکی جیا، واتا هەردوو ڕستەکە هاوواتان بە نزیکی و هەمان واتا دەگەیەنن، بەڵام لە داڕشتندا جیاوازن.

لە هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنیشدا، قسەکەر ئەو بابەتانە، یاخود ئەو ڕاستییانە هەڵدەبژێرێت، کە دەیەوێت باسیان بکات، ئەمەش بە شێوەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر سنوری تواناو دەسەڵاتی قسەکەر لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکان و شارەزایی لە بەکارهێناندا. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت دەربارەی ( مردن ) بدوێین یان بنووسین، ئەوە دەتوانین ئەو وشەو دەستەواژانە هەڵبژێرین، کە هاو واتاو جێگرەوەی ئەم وشەیەن ( مرد، کۆچی دوایی کرد، چووە بەر ڕەحمەتی خوا، چووە بەر دلۆڤانی خوا، بۆ هەتا هەتایە چاوی لێکنا، سەری نایەوە، ئەمری خوای کرد، ئەمری خوای بەجێ هێنا، وەفاتی کرد، گیانی لە دەستدا، بە ڕەحمەت چوو، دوا هەناسەی دا....هتد.) لێرەدا هەموو وشەو دەستەواژەکان لە دەوری وشەی ( مردن) دەخولێنەوە، یەك واتا دەگەیەنن ئەویش ( مردنە)ە، بەڵام لە داڕشتنی زمانەوانیدا جیاوازن، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت لە شێوازدا جیاوازن. بۆیە شێواز هەڵبژاردنی نیشانەو کەرەستەی زمانی دیاریکراوە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئەم هەڵبژاردنەش لە نێوان ئەو کەرەستەو نیشانانەدا دەبێت، کە جێگرو جێگرەوەی یەکترن. ئەم هەڵبژاردنەش دەوەستێتە سەر تواناو بەهرەو دەسەڵاتی قسەکەرەکە، لە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو کەرەستانە بە شێوەیەکی شارەزاو کارامە، تاکو لەم ڕێگەیەوە بتوانێت شێوازی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە.( پەخشان عەلی ئەحمەد،٢٠٠٧:١٦) ، یاخود هەندێك جار شێواز بریتی دەبێت لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشە بەمەبەستی دەربڕینی ماناو واتای تەواو یاخود ئەو واتایەی، کە مەبەستە. وەك لەم نموونەی خوارەوە دەیبینین:

١- پیاوی درێژ

٢- دیواری بەرز

لێرەدا هەریەك لەئاوەڵناوی( درێژ، بەرز ) مەبەست لێیان سیفەتی( بڵندی و بەرزی) ە بۆ دیارخراوەکە، ناکرێت بوترێت (پیاوی بەرز، دیواری درێژ)، چونکە بە گۆڕینی شوێنی ئاوەڵناوەکان یاخود دیارخەرەکان واتای دیارخراوەکانی وەك ( پیاو، دیوار ) دەگۆڕێت بەجۆرێك (پیاوی بەرز ) بە واتای شوێن و پلە پایەی بەرز دێت لە ناو کۆمەڵ نەك بالآی بەرزو درێژ، هەندێك جاریش بەتانەو توانجیش دێت. (

دیواری درێژیش) بە واتای بە باری درێژیدایە یاخود باری ئاسۆیە نەك ستونی. واتە شێوازی گۆڕینی ڕێكخستنی یەكە زمانییەكان بووە هۆی گۆڕینی واتا.

## ١-١ چەمكی ئاخاوتن:

كاتێك دەڵێین ئاخاوتن باس لە زمانی قسەكردن دەكەین نەك زمانی نووسین. ( مەبەست لە ئاخاوتن ئەو یەكە زمانییانەیە، كە لە شێوەی زنجیرە ڕستەو پاڕستەو گرێدا بۆ بۆنەو ئامانجێكی تایبەتی. یان بریتییە لە قسەیەك لە نێوان دوو هاوبەش یان زیاتر بە ئازادی بەڕێوە بچێ. ئەگەر لەم پێناسە وردبینەوە بۆمان دەردەكەوێت هەموو قسەیەك بە ئاخاوتن دانانرێت، بەتایبەتی قسەكانی كۆڕو كۆبوونەوە ڕەسمییەكانی وەك: مزگەوت و ژووری پۆل و دادگا...هتد.یان ئەو قسەیەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی پارچە نووسراوێكی وەك، گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك دێتە كایەوە، یان ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەردەم خۆیەوە دەیكات، چونكە لەسەر بنەمای نۆبەگرتن ناچن بەڕێوە، بەڵكو تەنیا یەكێك قسە دەكات ئەوانی تر گوێ دەگرن و چاوەڕێی ئامۆژگارین بێ ئەوەی مافی وەڵام دانەوەیان هەبێت. كەواتە قسەكردن گشتیترە لە ئاخاوتن، هەربۆیە دەتوانرێت بگوترێت هەموو ئاخاوتنێك قسەیە، بەڵام هەموو قسەیەك ئاخاوتن نییە.(عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٢: ٢٢-٢٣).

كردەی ئاخاوتن یاخود گفتوگۆكردن كردەیەكی ئاڵۆزە، قسەكەرو گوێگر هاوبەشی تیا دەكەن، واتا لەڕێگای دوو چالاكی سەرەكی ئەنجام دەدرێت ئەویش قسەكردن و گوێگرتنە، بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگەیەنرێت، دەبێت تاك خاوەنی ئەم توانایانەی خوارەوە بێت:

١- توانای بیستن.
٢- توانای هۆشەكی.
٣- توانای دەماری.
٤- توانای ماسولكەی.
٥- توانای قسەكردن. ( ئەڤین سامی عارف،٢٠١١: ٣٧-٣٨)

لە كۆتایدا دەتوانین بڵێین ئاخاوتن بریتییە لەو كردەیەی، كە جگە لە بابەت و ئامانجی ئاخاوتن، پێویستە لە كەسێك زیاتر هەبێت، ئەوانیش ( قسەكەر، گوێگر)ە، واتا ئەم كردەیە لە نێوان دوو كەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێت.

## ٢-١ زمان و ڕەگەز:

ڕەگەز بە یەكێك لە فاكتەرە چالاكەكان دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەكردن، یاخود دروستبوونی مرۆڤایەتی بە دوو ڕەگەزی جیاواز، سەرەتای دروستبوونی جیاوازییەكانی نێوانیانە، لە هەموو جۆرە تایبەتییەكدا لە یەك جیاوازن ( بایۆلۆجی، فسیۆلۆژی، سایكۆلۆژجی، سۆسیۆلۆژی...). تەنانەت لە زمانیشدا، ڕێژەی قسەكردن و جۆرو ژمارەی وشەو شێوازی قسەكردنیش، بۆ نموونە: دەنگی ئافرەت تیژتر بەرزترە لە دەنگی پیاوان، هەروەها ئاخاوتنی ئافرەت ڕوونترە لە پیاوان، بەجۆرێك وشەو ڕستەكان جوانتر و بێ كرتاندن دەردەبڕن. ئافرەتان لە بەكارهێنانی زماندا زیاتر لە پیاوان پابەندی ڕێگەی دیاریكراو دەبن و بە ئاسانی گۆڕانی تازە لە زماندا پەسەند ناكەن و بە ئاوازێكی نەرمتر ڕستە دەردەبڕین. ئەم خاسیەتانەش تایبەتە

بە ئافرەت و بەمە لە پیاوان جیادەبنەوە.(نایف خرما،١٩٨٧:١٩٥). واتە زمان بە پێی شێوازی بەکارهێنانی لە لایەنی مرۆڤەوە دەگۆڕێت، هەروەها لە زۆربەی زمانەکاندا، جیاوازی لە نێوان قسەکردنی ڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێ دەبینرێت، ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ڕێژەکەی دەگۆڕێ، زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە ئەم گۆڕانەی تێدا بەدی دەکرێت، وە شتێکی ئاساییە، بەواتای ئەوەی چەند تەکنیکێکی تایبەت هەیە بە ئاخاوتنی ڕەگەزی نێرو مێ، ڕەنگدانەوەی ئەمەش بە باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەکەسیەتی خۆیەوە هەیە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەرهەنگی ئافرەت و پیاو لە یەك جیاوازە.

٣-١ فەرهەنگ و زمانی ئافرەت:

مەبەست لە فەرهەنگ هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنێت. ناتوانین بڵێین فەرهەنگی کامیان دەوڵەمەندترە، چونکە وشەکان ئاوێنەی چۆنیەتی ژیانن بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کارو ئەرکی ناو کۆمەڵ دەردەخەن، فەرهەنگی ئافرەت زیاتر لەو بوارانە دەوڵەمەندە، کە تایبەتن بە ماڵ و منداڵ بەخێوکردن، چونکە ئافرەت زیاتر لە ماڵەوەیەو خەریکی کاری ناو ماڵەو وەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی، کە خراوەتە ئەستۆی وەك دایکێك یان ژنێك. ( فەرهەنگی ئافرەت لە هەندێ بابەتدا تەواو دەوڵەمەندو تێرە لە هەندێ لایەنی ترەوە لاوازو بێ پیتە.) ( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠:٩٥) بەهەمان شێوە بۆ پیاویش ڕاستە. هەندێ لەو وشانەی ئافرەت بەکاریدەهێنێت، کە پیاوان بە شێوەیەکی گشتی بەکاری ناهێنن وەك (ئەیەڕۆ، ڕوو سوربیت، دەك کوێربم، لاڵ بم، جەرگت نەسوتێ، کوڕت نەمرێ، ماڵ وێران نەبیت ... هتد). یاخود شێوازەکانی پەیوەندی لە ئافرەتدا گەرم و گوڕترن، هەندێ وشەش لای پیاوان بەکاردەهێنرێت لای ئافرەت بەکارنایەت وەك (بەتەڵاقم، برای گەورەیی، ڕێزت هەیە ... هتد). ئەم جیاوازییەی کەوا لە وشەو دەربڕینەکانیان دەبینرێت بەهۆی ( مانەوەو خزانی ژن لە سنوری ماڵدا، کەمی چاوپێکەوتن و مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕەگەزی پیاودا، نەبوونی هەلی چوونە دەرەوەو تێکەڵبوون، گرنگترین هۆکاری هاتنەکایەی شێوازی قسەکردنی ژن و پاراستن و مانەوەی ئەو شێوازەیە).( شیلان ڕەحیم ئیبراهیم،٢٠٠٤:٢٧).

هەتاوەکو ئافرەتان لە پیاو دووربن ئەو جیاوازیانە زیاتر دەبن فەرهەنگیان جیاواز دەبن، بەڵام بە پێچەوانەوە هەتاوەکو ئافرەتان لە پیاوان لە کاروباری ڕۆژانەدا نزیك بن ئەو جیاوازییانە کەمتر دەبنەوە و فەرهەنگی زمانیان تا ڕادەیەك وەك یەك دەبێت. نموونە/ پێشتر هەندێ کارو پیشە تایبەت بوون بە ڕەگەزی نێر یان ڕەگەزی مێ وەك (یاریکردن) تایبەت بوون بە ڕەگەزی (نێر)، بەڵام ئێستا بەهۆی لێك نزیکبوونەوەی ئەم دوو ڕەگەزە ئەم وشانەی کە لە بواری یاریکردن بە کاردێن بۆ ڕەگەزی (مێ) ش بەکاردێت وەك (کچە یاریزان) هکە هات. بەڵام پێشتر کە دەوترا (یاریزان یان یاریکەر) تەنها بۆ ڕەگەزی نێربوون. لەگەڵ ئەوەی، کە پێکەوە دەژین و لە یەکەوە نزیکن، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی جیهانێکی تایبەتن، وشەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانەن و بە ئاشکرا جیاوازیان تێدایە بەدیدەکرێت، لە بەرئەوە فراوانی و دەوڵەمەندی فەرهەنگەکانیان بەندە بەهەلومەرج و تایبەتمەندی سروشتی ژیانیانەوە. نموونە/ بەکارهێنان و وتنی ناوی ڕەنگەکان زیاتر لای ئافرەتە وەك لە پیاوان وەك (ڕەنگی بێجی، پەمەیی، بنەوشەیی ...هتد. (نایف خرما،١٩٧٨:١٩٥).

### ١-٥ تایبەتییەکانی دەربڕینی ئافرەت:

چەند تایبەتییەك لە دەربڕینی ئافرەتاندا هەیە، دەتوانرێت بکرێن بە دوو بەشەوە:

١- تایبەتی نازمانی: بریتییە لەو دەربڕینانەی ئافرەت، کە هەندێکیان لەگەڵ زمان و هەندێکی تریان بەبێ بەکارهێنانی زمان ئەنجام دەدات. لێرەدا زیاتر مەبەست لەو جوڵەو ئاماژانەیە، کە ئافرەت بەکاریدەهێنێت لەکاتی قسەکردندا، ئەمەش بەپێی ئاوازی دوور و نزیکی قسەکەران و بزاوتنی لەش و چاو تێبڕین و بزاوتنی دەم و لێو لەکاتی ئاخاوتندا دەگۆڕێت. بەگشتی تایبەتییە نازمانییەکان دەبنە دوو بەش، یەکەم ئەوانەی بە گوێ دەبیسترێن وەك ئەو ئاوازەی بەکاریدەهێنن، ئاوازەش لەگەڵ زمان بەکاردەهێنرێت لە کاتی درکاندنی وشەو ڕستەکان هەستی پێدەکرێت ئاوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە پیاوان ناسکترە و زۆر زیاتر لە پیاوان کەڵك لە ئاوازی دەنگ وەردەگرێت. دووەم ئەوانەی بە چاو دەبینرێن وەك: ماوەی نێوان قسەکەران و دەست و لێو بزاوتن، ئەمانەش هەندێکیان لەگەڵ زمان بەکاردەهێنرێن هەندێکیشیان بێ بەکارهێنانی زمان بەکاردەهێنرێن وەك ( سەردانەواندن، سەربەرزکردنەوە) بە واتای ( بەڵێ، نەخێر) دێت. ئافرەت زیاتر لە پیاوان دەم و چاو دەبزوێنێ و لێو هەڵدەقورتێنێ و لەش دەجولێنێ و لە پیاویش زۆر وریاترە لە بەکارهێنانیان ئەوەی، کە پیاو لە چەند ڕستەیەکدا لە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت ئافرەت دەتوانێت بە تیلەیەکی چاو یاخود لێو جوڵانێك بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت.( محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠:١٠٣-١٠٤).

٢- تایبەتی زمانی: مەبەست لە ڕستەو گفتوگۆ و قسەکانیانە. دەرکەوتووە ڕستەو ئاخاوتنی ئافرەتان دوورو درێژن (Haas,١٩٧٩:٦١٧)، ئەمەش زیاتر لەکاتی چاکو چۆنیدا زۆر بەدیدەکرێت بێ وەستان، وەك: چۆنی؟باشی؟ ئەحوالت؟منداڵ و چۆنن؟ شکر باشن؟.... وەڵاّم/ برات نەمرێ(ت)، دڵ بەخەم نەبی(ت)، شکر بۆ خوا هەموویان باشن، دەستت ماچ دەکەن، خودا لە خزمایەتیت کەم نەکا، هەر لەخۆشیدا بی(ت)، ناخۆشیان نەبینیت یاخوا.....هتد. شیکردنەوەی هەندێ لەو ڕستانەی، کە لەدەمی ئافرەت دەردەچێت پێویستی بەوە دەبێت، کە لەدوو ئاستدا لێکبدرێنەوە، ئاستی سەرەوە، کە فۆرم و واتای ئاسایی وشەکان دەگرێتەوەو ئاستی ژێرەوەش پەیوەندی بە مەبەستی ئاخاوتنی ئافرەتەکەوەیە، چونکە باری کۆمەڵایەتی ئافرەت وای لێکردووە، کە نەتوانێت ئەو بیرەی هەیەتی و ئەو کارەی دەیەوێت بە ئازادی دەریببڕێت و خۆشیان وا حەزدەکەن لەکاتی درکاندنی ڕستەیەك زیاتر لە واتایەك بدەن بە بەرامبەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ، چونکە خۆشیان لەکاتی گوێگرتن حەزدەکەن زانیاری زۆریان دەستکەوێت. بۆ نموونە/ هەندێك ڕستە دەردەبڕن لە ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوەدا واتایان لەیەك جیاوازە، لە بەرئەوەیە ئاستی سەرەو ژێرەوەی ڕستەکان یەك شت نین و یەك ناگرنەوە. ( محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠:١٠٦) یاخود ڕستەیەك، کە دەردەبڕن بە پێی ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك زیاتر لە واتایەك هەڵبگرێت و لێك بدرێتەوە. بۆ نموونە:

١- حەوڵڵای پیوازیشمان نەماوە.

ئەم ڕستەیە واتای ئاشکراو دیاری هەیە، کە لەواتای سیمانتیکی کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە بەدیدەکرێت و واتا ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە، بەڵاّم لەڕووی مەبەست یاخود بارودۆخ و شوێنی قسەکردنەکە، جۆرێکی تری کردەی قسەیی نیشاندەدات، وەك فەرمانکردن ئاگادارکردنەوە بەم شێوەیە:

٢- حەوڵڵای پیواز بکڕە.

دیارە ئەمەش پەیوەست دەبێت بە واتای پراگماتیکەوە، کە بەپێی هەڵوێست و بارودۆخی جیاوازەو دەوروبەری ئاخاوتنەکە دەگۆڕێت، چونکە ڕاستەوخۆ و بەزەقی نایەوێت فەرمانبکات، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتییەکانی ئاخاوتنی ئافرەت، واتە بەگشتی ناسکی و ڕێزگرتن لە ئاخاوتنی ئافرەتان بەدیدەکرێت.

**بەشی دووەم**

**شێوازی ئافرەتی پشدەر لەبۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا**

ئاشکرایە لە ژیانی ڕۆژانەی ئافرەتاندا چەندین بۆنەو بواری جیا جیا هەیەو هەریەك لەو بوارو بۆنانەش پێویستی بە وشەو دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە، لە خوارەوە هەندێك لەو بۆنانە دەخەینە ڕوو[١]:

**١-٢ چێشت لێنان (خواردن ئامادە کردن):**

بە یەکێك لەکارەکانی ئافرەت دادەنرێت، کە هەر لەکۆنەوە لەسەرشانی ئافرەت بووەو ئافرەت لێی بەرپرسیار بووە. تا ئەمڕۆش هەرچەندە لەئێستادا کەمتر بۆتەوە بەهۆی ئەوەی، کە ئافرەتانیش وەك پیاوان زۆربەی کات لەدەرەوەن وەك ئەوەی مامۆستان یان دکتۆر یاخود کارمەند بن لە هەر دام و دەزگایەکی حکومەت. بەڵام، چێشت لێنان هەرئەرکێکە لەو ئەرکانەی، کە لەسەر شانی ئافرەت بووەو هەر ئافرەتەش شێوازو تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ خواردن ئامادەکردن و هەندێکیان لەهەندێکیان دەست ڕەنگینترن یاخود دەتوانین بڵێین کابانترن. ( شیلان ڕەحیم ئیبراهیم،٢٠٠٤: ٦٣).

**<u>بۆ مەتح کردنی چێشتەکە:</u>**

( برنجێکم لێناوە دەڵێی برنجی سەدرییە. چێشتێکم لێناوە پەنجەکانتی پێوە دەخۆی. برنجەکە قبوڵی بوو، بەڵام لە پڵاوی جوانتر دەرچووە.)

**<u>بۆ لۆمەکردنی چێشتەکە:</u>**

(چێشتەکە بووە بەدەمی مردوو. بامیەکە بوون بەچێشتی مجێوری. گۆشتەکە بووە بە قاورمە. برنجەکە لێك ئاڵاوە دەڵێی پەلۆیە[٢]. گۆشتەکە ئەوەندە بێخوێیە دەڵێی گۆشتی خۆت دەخۆی. مریشکەکە هەلا هەلا بوو.)

**٢-٢ ماڵ خاوێن کردنەوە:**

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئافرەت ماڵ خاوێنکردنەوەیە، پاکوخاوێن ڕاگرتنو ڕێکخستنو شۆردنی ماڵە، چونکە ئافرەتان هەمیشە حەز بە پاکوخاوێن ڕاگرتنی ماڵ دەکەنو لە پیاوانیش سەلیقەیان زیاتر لەم بوارەدا. بۆیە ئەمەش وەك شیو لێنان خراوەتە ئەستۆی ئافرەت. ئەم بابەتە لە قسەو گفتوگۆکردنەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو فەرهەنگی ئافرەتی دەوڵەمەندتر کردووە. ( شیلان ڕەحیم ئیبراهیم،٢٠٠٤: ٦٤).

(ماڵەکەی گسکدا. ماڵەکەم سڕی. جێگاکانم هەڵگرت. نوێنەکانم لەقەد کرد. جێگەمان ڕاخستەوە. مەنجەڵەکانم بەتەلو سابوون سپی کردەوە. ( لێرەدا مەبەست لە مەنجەڵی فافۆنەو تا ئێستا بەکاریدەهێنن) . پەنجەرەکانم سڕی. فەڕشەکانم شرد[٣].

---

(١) بەشێك لە نموونەی بۆنەو بوارەکانم لەتوێژینەوەی هەردوو خوێندکار (سەرباغ محەممەد ئەحمەد ، سنور عوسمان عەزیز) وەرگرتووە کەساڵی ٢٠١٤ خوێندکاری قۆناغی چوار بوون لەبەشی کوردی زانکۆی ڕاپەڕین. بەڵام لێکدانەوەی واتاکانیان خۆم کردوومە.

(٢) یەکێك لە تایبەتمەندی شێوازی قسەکردنی ئەم ناوچەیە زۆر بەکارهێنانن و دانانی مۆرفیمی (ی) لەسەر ناو لەکاتی ئاخاوتندا.

(٣) (شرد) لە چاوگی (شردن)ەوە هاتووە نەك (شووشتن)، واتە لەناوچەی پشدەر چاوگی (شردن) و هەندێکجار (شووشتن) بەکاردێت جیاواز لە شێوەزاری سلیمانی تەنیا( شووشتن) بەکاردێت.

٢-٣ پاڕانەوە:

ئەو وشەو دەستەواژانەی، کە ئافرەتان لەکاتی داواکردن‌و پاڕانەوە لەخوا یان لە خەڵك بەکاری دێنن جیاوازن‌و خاسیەتی خۆیان هەیە.وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: (دلین محمد صالح طیب،٢٠١٠:٦٤)

**پاڕانەوە لەخوا:**

(خوایە زگ سوتاوم نەکەی(ت). خوایە خەجاڵەتم نەکەی(ت). خوایە ڕۆڵەکانم داوەتە دەست تۆ بیان پارێزە. خوایە کوڕو کچەکانم بەئاوات و مرادی خۆیان بگەن. خوایە ڕەحم بەو زەعیفانە بکەی(ت). خوایە زەلیلی دونیاو قیامەتم نەکەی(ت). خوایە نەمان خەیتە سەری زارو زمانی عالەمێ. خوایە ماڵ وێرانم نەکەی(ت). خوایە ڕەنج بە خەسارم نەکەی(ت).

**پاڕانەوە لەخەڵکی:**

( بیکە بۆ خاتری خوا من داوێن پاکم داوێن پیسم مەکە. دادو ئامان ئەو کارەم پێ مەکە. دەستم بە دامێنت، ئەو کارەم بۆ بکە. دەبم بەسەگی بەردەرگاکەت، ئەو نهێنیەم ئاشکرا مەکە. تخوا تۆ بەهەڵەی من مەکە. دەخیلم ئامان، لەگەڵ ئەواندا مەمنێرن. توئەو قورئانە گەردنم ئازاد بکە. من خۆم لەماڵێ هاویشتووی بەهانامەوە وەرە.)

٢-٤ دوعاو نزاکردن: دوو جۆر دوعاکردن هەیە:

٢-٤-١ **دوعای چاك:** بەپێی تەمەن و ڕەگەزی ئەوکەسەی، کە ئافرەتان دوعای بۆ دەکەن، دوعاکانیان جیاوازدەبن، بۆ نموونە:

**یەکەم/ دوعاکردن بۆ منداڵ :**

(خوایە زوو گەورەبێت، ڕەببی ڕۆڵە پایەداربی(ت)، لەسەرت گەڕێم، خوا لێت نەستێنی، شەریف بێ(ت)، خوا دەست بە عەمرتەوە بگرێت، محەمەدەل مستەفا ئاگاداری بێ(ت)، بەبەختو مراد بێ(ت)، سەربەڕسق‌و بەڕەحمەت بێ(ت)، خوایە شانسو بەختی زۆربێ(ت)، ئەو شیرەی لەمنت خواردووە بۆت بەقەسرو قسوری بەهەشت بێ(ت).

**دووەم/ دوعاکردن بۆ ژن یان کچ:**

ژن، کە دوعا بۆ کچێك بکات بەزۆری داوای شووکردنی بۆ دەکات، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە: وەك (بەبەختی چاك بی(ت). داو دامەزراوبی (ت). لەبەر مرادی خۆت وەحەسێی[٤]. بەماڵ و حاڵی شادبی (ت).

خۆش بەخت بی (ت). ڕووسوور بی (ت). خوا نیازی دڵت قبوڵ بکات (ت). بەختەوەری دنیا و قیامەت بی (ت).)

**ناوەڕۆکی دوعای ژن بۆ ژن بەپێی حاڵەت دەگۆڕێت، بۆ نموونە:**

١- **لە دوای ئەنجامدانی کارێك، وەك بانگ کردن بۆنان خواردن یان چێشت لێنان ... هتد:**

( دەست و چاوت خۆش بێ (ت). ماڵتان ئاوەدان بێ (ت). دەستەکانت نەڕزن. نمەك بە حەلاڵ بێ (ت). لە ڕزق و سەر و ماڵت زیادبێ (ت). هەموو کاتێ هەروا قەرەباڵغ بێ (ت). قالبت[٥] ساغ بێ (ت). سفرەی تەبایی بێ (ت). سفرەی کەم رانەخەن . هەر ساحێب قۆناغ بن. هەر ماڵێکت سەد ماڵی لێبکەوێتەوە.)

---

(٤) وەحەسێی بەواتای بحەسێیەوە.

**٢- بۆ رزق و بەرەکەت:**

(خوا لێت تێك نەدا (ت). خوا ڕزق و ڕۆزێکی حەڵاڵ و زەڵاڵت به نسیب بکا (ت). نانی کەم نەخۆن. بەردی سارد و گەرم نەیەتە ڕێت. خوا بێ پارەت نـەکا (ت). گیرفانتـان پڕبـێ و دڵتـان فـراوان بـێ (ت). خوایـە هـەژار و نەدار نەبی (ت).)

**٣- دوعا بۆ لەش ساغی:**

( لێو بەبار نەبی (ت). زەلیلی سەر جێگا نەبی (ت). ڕووڕەشی خوا نەبی (ت). هەر سـاغ و سـەلا مـەت بـی (ت). لە دەست و دوو نەبی[٦] (ت). لـە دەرد و بـەڵای دنیـا بـەدوور بـی (ت). محتـاجی دەسـتی کـەس نـەبی (ت). خەفەت بار نەبی (ت). لەشی گران و بەدبەخت بەخۆتەوە نەبینی (ت).)

**٤- بۆ منداڵ بوون:**

( خوایە نائومێد نەبی (ت). خوا ئەولادی ساڵحت بداتێ. خوا دەرگای بەخێرت لێبکاتـەوە. بـەداکی کوڕان بی (ت). بەداکی حەوت کوڕ بی (ت). خوایە بێ بەش نەبی (ت). خوا لەو دەروەی نەجاتت دا.)

**٥- دوعا کردن بۆ پیاو:**

( خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ (ت). تەمـەن درێـژ بـی (ت). بـێ مـزەرەت بـی (ت). خـوا لەبـەڵا بـەدوورت بگرێ (ت). سەرکەوتوو بی (ت). مەقسوودت حاسڵ بێ (ت).)

**٢-٤-٢ دوعای خراپ:**

**یەکەم: دوعا کردن لە منداڵ:**

( ڕەبی عەمر کورت بی (ت). ڕەبی شیری ئەو مەمکانـەت لێ حـەرام بـێ (ت)، کە خواردووتـە. خـوا لـە منـت ستێنێ[٧] (ت). ئـۆ ئـاگری سـووت تـێ بـەربێ (ت). بـە کۆتـەڵ بـی (ت). ئـەو ژەکـەش بـەزیاد نـەبێ (ت)، کـە تـۆ خواردووتە. ڕەبی بێ باوك بی (ت). ڕەبی سندانت لێدا (ت). نەعلەت لە ئەژدادت.)

**دووەم: دوعاکردن لە ژن ، کچ:**

( خوایـە منـداڵت لـەداوێنی هەڵنەپـەڕێ(ت)[٨] . پرچـی سـپی بهۆنییـەوە[٩]. ڕەبـی لەبـەرمرادی خـۆت نەحەسێیەوە. ڕەبی داودامەزراو نە بی(ت). تۆڵ پر بی(ت)[١٠]. ڕەبی سەرت شین کەی(ت)[١١]. ڕەبـی قـەت کەسـت نەنمێنن. یاخوا ماری دێمـەکارت بـە بەلـەکێ وەدا(ت). ڕەبـی دووپشـکە ڕەشـە بەسـەری زمانتـەوە دا(ت). حـەیاو

(٥) ( قالب)ت بەواتای جەستە یان هەموو ئەندامانی لەش دەگرێتەوە واتە لەشت ساغ بێت.

(٦) بەواتای ڕەزیلی سەر جێگا نەبیت.

(٧) لەکاتی ئاخاوتن پیتی (ب) لادراوە بستێنێ بوتە ستێنێ.

(٨) بەواتای منداڵت نەبێت.

(٩) واتا قەد شونەکەی.

(١٠) واتا سك پڕبیت. ئەم دوعایە لە کچ دەکرێت.

(١١) واتا هەردەم لە تاعزیەو ناخۆشیدا بیت.

شەرەفت بشکێ(ت). مرادت دانەکەوێ(ت). خوا بەختت نەدا. بێ لانەو بێ نەوا بی(ت). خوایە تۆووت لێ نەگیرێتەوە.)[12]

ئافرەتان زۆر لەحەیاچوون دەترسن هەمیشە حەیاو ئابڕوی خۆیان دەپارێزن و بۆیە زۆرجار، کە دوعا لە بەرامبەرەکانیان دەکەن دوعای حەیاچوونیان لێ دەکەن. ئەو دەربڕینانە بەکاردێنن:

**دوعای خراپ - حەیاچوون:**

( ڕووسیاو ڕووبەدەربی(ت). شەرمەزاری دنیاو قیامەت بی(ت). دەربەدەر شاری ئێران و عێراقان بی(ت). ڕەبی حەیاو ناموست بەدەست هەموو کەسێکەوە بێ(ت). خوا پەندت دات. بەڕووی ڕەش دانیشی(ت). لووتت بەبڕین چی(ت). سەرت بەتاشین بچێ(ت).

**سێیەم: دوعاکردن لەپیاو و کوڕ.**

( ڕەبی سەری پێستت بەدەوەنانەوە چی. ڕەبی دەستان لەمن بخوازی چاوانیش لە بەرازی. لەتوپەتی سەر ڕێیان بیت. ڕەبی چاوم پێ نەکەویەوە. لە ئاهو هەناسەی من گەڕو گول بی(ت). پردو پێناوم بی(ت). ئاو و ئاو چی(ت). پشتت تێ کرد بەری تێنەکەیەوە. ئازادی ماڵی خوا نەبی(ت). ڕەبی سەیارەیەکت لێ دا هەنجن هەنجن بی(ت). گەردنت ئازاد نەبێ(ت). ڕەبی دەستی شکاو بەچاوی کوێرەوەگری(ت). یاخوا توورەکەی سواڵێ لەشانی کەی(ت). یاخوا ئەگەر نانت هەبێ دۆت نەبێ(ت)، ئەگەر دۆت هەبێ(ت) نانت نەبێ(ت).)

**ژنان زۆر دوعا (لەدەم و زمان)دەکەن:**

( ڕەبی زمانت بەبڕین چێ(ت). ڕەبی گرتەکت لە زمانی کەوێ(ت). ڕەبی مویەکی نێرو مێت لەسەری زمانت بێ(ت). خوا لەناوی دەمت دات. تەپتەپەت لەزمانی کەوێ(ت). ڕەبی زمانت لەپاشەسەرێڕا بێتە دەرێ.)

ئەو نەخۆشیانەی، کە لەکۆندا بڵاو بوون چارەسەریان نەبووە، تائێستاش لەدوعاکانیاندا ناویان دەبرێت، هەرچەندە ئێستا چارەسەریان ئاسانە، یان هەر نەماون:

( حەوتەلۆتەت بێنێ. شەوتێ و نۆبەتێت بێنێ. سێبەرۆت بێتێ. دووشاخەت لە ئەوکێ کەوێ. یاخوا بەسەرەتان دافەتێیەوە. دەردێکی گری دەرمانت نەبێ. هەنگاوتەت لێدا. ڕەبی بەکۆخەڕەشە بمریت. یاخوا دووشاخەت لەبەری پێی خڕبێ.)

٥-٢ سوێند خواردن:

دەتوانین بڵێین ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی بیرو باوەڕی ئایینیان پتەوترە، زۆر باوەڕیان بەخواو پێغەمبەرو شێخ و کەسایەتییە ئایینییەکان هەیە. و ئاشکراشە، کە هەردوو ڕەگەزەکە (ئافرەت و پیاو) سوێند دەخۆن، بەڵام جیاوازی لە سوێندەکەیاندا بەدی دەکرێت. پیاوان جگە لە خوا و پێغەمبەر (د.خ) سوێند بەمانەش دەخۆن ( بە تەڵاقم، بەشەرەفم، بەغیرەتم، بەناموسم). زۆربەی ئافرەتان سوێند بە ئەسحابەو پیاو چاکان دەخۆن و باوەڕیشیان پێی هەیە کاتێك تووشی حاڵەتێکی نامۆ دەبن وەك (نەخۆشی، ترسان، چاوپیسی .... هتد) دەچنە لایان و دوای ئەوەی، کە لەژیانیشدا نەمان دەچنە سەر گۆڕەکانیان و سوێندیان پێ دەخۆن. ( شیلان ڕەحیم ئیبراهیم،٢٠٠٤:٧٣). ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە لە سوێند خواردن:

---

([12])بەواتای مندالْت نەبێت.

( بەوەی ئاگای لە هەستی مارو مێروە. بەوەی، کە هەموومانی خولق کردووە. بەهەزار مەلائیکەت. بەچل و چوار هەزار پێغەمبەر. بە پێغەمبەری ئاخیر زەمان. بە سی (جزمی)ەی[13] قورئان. بە مەحەمەدی لەدیوانێ. بەسوورەت و ئایەت و قورئان. بە چل کەسەی غەیبی. بە غەوسی ماڵ لە بەغدایێ. بە ئامانزەمان. بە مەرقەدێ سیکەنێ. بە کڵاوە کەسکێ ڕەبەنێ. بەچاکی دارە بۆن خۆشکێ. بە چاکی اغا شێنێ. بە شێخ محەمەدی پشتی بێتوشێ. بە چاکە چکۆڵەی سانێ. بە ئەسحابە عەبدوڵڵای سەر چیای. بە شێخ هەمزەی بێخاڵێ. بە خاتو بەلکیس. بە چاکی بەکرە. بە شەخسی کوێستانێ. بە شێخ مەحمودی بەرزێرەقەی. بە شێخ باهۆمەر دۆڵی هێرۆیە. بە شێخ شوان. بە شێخ باهۆمەر. بە شێخ نێو کۆمەری لەگۆڕان.)

**ژنان هەندێجار سوێند بەمانەی خوارەوەش دەخۆن:**

( بەو نمەکەی. بە حەقی ئەو زەوادەی. بەو شەکرەی. بەو ڕسقەی. بەو مازوەی کە لەداری ڕەق دروست کراوە.)

**ژنان سوێند بە (پیران)یش دەخۆن:**

( بە پیر بابا، بە پیرخاسی بێترخێ، بە پیرۆتە سووری مەرگێ، بە چاکی پیران)

**لە حاڵەتی کەوتن یان ترساندا ژنان ئەم دەستەواژانە بەکاردێنن:**

(بیسمیللا، یا ئەڵڵا، یا غەوس، یا شێخ حاجی عەلی ئەشکەنێ، یا مەولودی سمایلی پێغەمبەری، یا مەرقەدێ سندۆڵان، یا شێخی سەنعان، یا پێغەمبەر (د.خ)، یا شێخ قادری سندۆڵان). دەتوانین بڵێین، کە ئافرەت و پیاو وەك یەك بەسەری کەسێکی نزیك یان خۆشەویستیان سوێند دەخۆن، وەهەروەها بەگۆڕی کەسێکی نزیك و خۆشەویستی وەك (باوك، برا....هتد) سوێند دەخۆن، بەڵام لە ئێستادا ئەو سوێند خواردنانە لەلای ژنانو کچانی خوێندەوارو ڕۆشنبیر تا ڕاددەیەك نەماونو بەرەو نەمان چوون.

٦-٢ چاکو چۆنی:

ئەم بوارەش وەك بوارەکانی تر شێوازو دەبڕینی خۆی هەیە، وەگرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان بەشداربووان دەردەخات و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی نێوانیان ڕادەگرێت. هەندێکجار سڵاو کردن و هەواڵ پرسینەکە کاتێکی زۆر دەبات بەهۆی ئەوەی، کە ماوەیەکی زۆرە یەکتریان نەبینیوە، یان دەگەڕێتەوە سەر ویست و ئارەزووی کەسەکە بۆ درێژکردن یان کورتکردنەوەی چاکو چۆنیەکە. گوفمان(Goffman) ئاشکرایکردووە سڵاوکردن گرنگە، چونکە پەیوەندی نێوان دوو کەسەکە پیشاندەدات، کە لە دوای چاوپێکەوتنەکەی پێشوو گۆڕاوە یاخود نەگۆڕاوە.(هدسن،١٩٨٧: ٢١٨)

ئەمەش چەند نموونەیەکە کە لەکاتی چاکو چۆنی و هەواڵ پرسین لەنێوان دوو ئافرەتدا دەگوترێت:

ك١ چۆنی، باشی، ئەحواڵت چۆنە، شکر باشی؟

ك٢ڕەحمەتی خوات لێ بێ(ت)، خوا چاکەت بۆ بکا یاخوا، ئەی ئەوە چۆنن، منداڵەکان هەموویان بەتێکڕایی باشن.

---

([13]) لێرەدا جزء کراوەتە جزم، لای هەندێك لەو ژنانەی، کە خوێندەواریان نییە بەکاردێت.

لە بـرات نـەمرێ(ت)، دڵ بەخـەم نـەبی(ت)، شـكر بـۆ خـوا هـەموویان باشـن، دەسـتت مـاچ دەكـەن، خـودا لـە خزمایەتیت كەم نەكا، هەر لەخۆشیدا بی(ت)، ناخۆشیان نەبینیت یاخوا.

خوا حافیزیش وەكو چاكوچۆنی گرنگە، چونكە چۆنیەتی پەیوەندی داهاتووی بەشداربووان دیـاری دەكـات و بەهۆیەوە كاریگەری چاوپێكەوتنەكەیان لەسەر پەیوەندی نێوانیان دەردەكەوێت.

ژنان وەكو چاكوچۆنی، بۆ خواحافیزیش چەند دەربڕاوێكی تایبەتیان هەیە. لەمالآن:

(خوا حافیز، یارەبی ماڵتان ئاوەدان بێ(ت). هەر ساحێب ماڵ بن. خوا لێتان تێك نەدات. ماڵی گەورەیە.)

**لەسەر ڕێگا:**

(خوا حافیزت بێ(ت). خۆشحاڵ بووم بەبینینت. چاوم پێت ڕوون بۆوە. سلام لە ماڵێتان بكە. خـوا ئاگادارت بێ(ت).)

**٢-٧ پیرۆزبایی كردن:**

هـەروەك پێشـتر گوتمـان ژنـان كۆمەلآیـەتین و زیـاتر حـەز بەتێكـەلآو بـوون و بەشـداری كردنـی بۆنـە كۆمەلآیەتییەكان دەكەن. وەك كاتێك كەسێك ژن دەهێنێت یان شوو دەكات یان ژنێك منداڵی دەبێت یـان لـەكاتی جەژنەكاندا بۆ بەهێزتركردنی پەیوەندی نێوانیان سەردانی یەكتر دەكەن وە بۆ پیرۆزبایی كـردنیش، ئـەوە هـەر كۆنەوە لەلای ژنان باو بووە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

چەند نموونەیەك لەو وشەو دەربڕینانەی، كە ژنان لە بۆنەكاندا بۆ پیرۆزبایی كردن بەكاریان دەهێنن.

**پیرۆزبایی منداڵ بوون:**

بۆ كـچ‌و كوڕ ئـەم دەربڕینانـە بـەكار دێـنن ( هەرچی بوتانـە بەڕەحمـەت بێـت. خـوا لێتـان نەسـتێنێ(ت). بەنازی داكو بابان[١٤] گەورە بێ(ت). تەمەن درێژ بێ(ت). سەربەڕزق بـێ(ت). خوایـە لەبـەری وەحەسـێن. بۆو[١٥] بەداری بەری بێ(ت). لە ساڵحی عەمر درێژان بێ(ت). پایەدار بێ(ت).

بەلآم ئەگەر منداڵەكە كچ بـوو جگـە لەمانـەی سـەرەوە ئەمانـەش دەڵێن: (بەخوشـكی برایـان بـێ(ت). خوایـە لانكی برایەكەی ڕاژێنێ(ت). خوایە شوانێكی بۆ ئەم كچە بنێری(ت).

**ژن هێنان، شوو كردن:**

( پیرۆزتان بێ(ت) بـەدڵی خـۆش. پەشـیمانی لـەدوا نـەبێ(ت). بەختـەوەربن‌و ئاخرتـان خێـر بـێ(ت). پـێ و قەدەمتان خێر بێ(ت). لەبەر بەختو شانسی خۆتان بحەسێنەوە. كچ و كوڕ بكەونە مابەینێ. ئـاوات و مرادەكەو بێنە دی. پیرو خەرۆبن بەیەكەوە. خوا لە یەكتان نەكات. خوا ڕسقو بەرەكەتتان بەسەردا برژێنێ(ت). )

ئەمانەی سەرەوە بۆ هـەردوو ڕەگەزەكـە دەگوترێـت، بـەلآم جگـە لەمانـە چـەند دەربڕاوێكـی تـر هەیـە، كـە تایبـەتن بەكچـەكە لەوانـە: (ناوچـاوان شـیرن بـی(ت). خـوا شانسـو بـەخت دات. لەبـەر دوای خـۆت بحەسـێیەوە. ئاقیبەت بەخێر بی(ت). بەماڵ و حاڵی خۆت شاد بی(ت). خۆشەویست بی(ت). لە پەشیمانان نەبی(ت).)

---

([١٤]) یەكێك لە تایبەتییەكانی ئاخاوتنی ئافرەتی ئەم ناوچەیە بەكارهێنان و دانانی نیشانەیكۆ( ان )ە لەسەر ناو، واتا زۆربەی كات لە ئاخاوتنا ناو كۆدەكەنەوە.

([١٥]) لێرەدا ( و) جێناوی لكاوە بۆ كەسی دووەمی كۆ . واتا بۆ ئێوە ببێتە داری بەری.

**خانوو کڕین:**

(یاخوا پیرۆزتان بێ(ت) بەدڵی خۆش. شتی چاکتری بەدواوە بێ(ت). بەخۆشی تێیدا دانیشن. نانی حەج و مەولودانی تێدا بخۆن . تێیدا بەحاجی و حاجی ژن بن. تێیدا پیرو خەرۆ بن. کوڕو کچەکانتان تێیدا بە بووکو زاوا بن. ناخۆشی تێدا نەبینن.)

**جەژنە پیرۆزە:**

( جەژنتان پیرۆز بێ(ت). هەموو ڕۆژێکتان هەر جەژن و خۆشی بێ(ت). لە هەزارەی جەژنان بێ(ت). گەردنم ئازاد کە (بکە).)

٨-٢ پرسەو تەعزیە: ئەم وشەو دەستەواژانەی لەم بوارەدا بەکاردێت ئەمانەن:

**یەکەم: ئەو وشەو دەربڕوانەی تایبەتن بەخاوەن پرسە:**

( ماڵ وێرانت کردم. بۆ بەجێت هێشتم. پشتت شکاندم. یاخوا بمرم لەپاشی تۆ. کاتی مردنت نەبوو. سەر گەردانت کردم. ڕۆژی ئەوەی نەبوو بەجێم بێڵێت. قەت کەست لەماڵێدا نەهێشتم. چرای ماڵم کوژایەوە. شاییم لێ وەشین گەڕا.بۆ کوڕی جوانم ڕۆ. ڕۆڵە ڕۆ.)

**دووەم: ئەو وشانەی ژنان بۆ دڵنەوایی و سەرەخۆشی لێ کردنی خاوەن پرسەکە بەکاری دەهێنن:**

**١- دوعا کردن بۆ مردووەکە. بۆ گەنج:**

( ئاودەنگی حۆری و مەلائیکەت بێت. خوا لێی خۆش بێت بەڕەحم و بەزەیی خۆی ڕەحمی پێ بکات. خوا بەگەنجی خۆی لەگەڵ بکەی. بەنووری ڕەحمەتی بەهەشت شاد بێ(ت). خوای گەورە قەسرو قەڵاتی لە بەهەشتی بەرین داتێ. هەر ئەوەندەی ناخۆشی دیبن، کە لەدونیا دیتونی. خوا لەگەڵ بەکەرەم بێ(ت).)

**بۆ پیر:** ( خوا لێی خۆش بێ(ت). خوایە جێ و ماوەی بەهەشت بێ(ت). خوایە بەنورو ڕەحمەت بەخەبەر بێ(ت). خوای گەورە سەرفی نەزەری لێ بکات. خوایە سەرلانێی حەقی خەی. عەمری درێژی بۆ ئێوە جێ هێشتبێ. خوای داوەتێ[١٦] . خوا جەزای بەخێری داتەوە)

**دوعا بۆ خاوەن پرسەکە:** ( خوا سەبووریتان بدات. خوا قەناعەتتان بەدڵی بدات. ئاخیر موسیبەتتان بێت. دوا ناخۆشیتان بێت.)

**لەکاتی وەڵامدانەوەی خاوەن پرسە:** ( مردوەکانی ئێوەش خۆش بن. خوا جەزای بەخێرتان داتەوە. هەر هەنگاوەت بەحەجێك بێت. خوا خێرتان بنووسێت.)

٩-٢ گلەییو گازندە:

زۆربەی ژنان حەز لە گلەییو گلەیی کاری دەکەنو بایەخی پێ دەدەن، جاری وا هەیە کارێك یان هەڵسوکەوتێك دەکەن تەنها بۆئەوەی گلەییان نەیەتە سەرو خۆیانی لێ بپارێزن. ئافرەتان بۆ گلەییو گازەندەکردن کۆمەڵێك بەکاردەهێنن وەك: ( تۆ بەداری بەرزەوە نیت. بووی بە ئەستێرەی سیوەیلی. بووی بە مانگی یەك شەوە. بەخزمایەتیان شەرمە. گەر بۆ شینێم لەگەڵ نەبی بۆ شاییم لەگەڵ دەبی. بەجارێك خۆتان

(١٦) واتا خوا خۆشی ویستووە بەم شێوەیە کۆچی دوایی کردووە.

ون کردووە. دەوڵەمەندان ئاگایان لە فەقیران نەماوە. جارێکی لەدەرگام نادەی. ڕوحمت کەم بووە. چاوم هەر لەڕێتانە. هێندە نەخۆش بووم نەهاتی بۆ لام.)

**گلەیی بۆ کردنی کارێك یان قسەیەك:** ( قسەیەکی پێ گوتم جەرگی سووتاندم. کارێکی لەگەڵ کردم هەتا هەتایە لە دڵم دەرناچێ. خۆ گوڵت لێ کاڵ نابنەوە. قسەیەکی پێ گوتم چاو بەدەری کردم. گوللەیەکی لێ دابام باشتر بوو لەو قسەیەی کە پێی گوتم.)

٢-١٠ ناڕەزای دەربڕین:

ژنان زۆربەی کات ناڕەزای خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر زۆربەی شتەکانی دەورو بەریان وەك ناڕەزای دەربڕین بەرامبەر بە (ڕەفتارێکی ناشیرنی کەسێك یان لەدەست منداڵەکانی یاخود هاوسەرکەی یان لە کاتی نەکردنی کارێکدا یا لەدەست جیرانەکەی) دەتوانین بڵێین ناڕەزایش بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت. ژنان بۆ ئەم مەبەستەش وشە و دەربڕینی تایبەتیان هەیە لەوانە:

( وەزگم داوە لە مەراق تۆ. ئەوەی ئەو پێی کردم مەگەر بە مردن بیرم بچێتەوە. هێندەم خەفەت لێخوارد ناسۆرم هەڵێنا. ئەوەندەی لە مناڵەکەم دا بێهۆشی کرد. حاڵم حاڵی سەیانە بە دەستەوە. جەرگی بەردامەوە. سیل و جیقی پێکردووم. جەرگی ڕەش کردوم. ئەوە کەی مێردە خوا سەد مێرد ئاوا ببڕێت. فەوتاوم بە دەستییەوە. هەناوم خەرابوو بە دەستەوە. ئەوەی ئەو بەمنی کرد بە حەسەن و حسێنان نەکرا.

٢-١١ هەڕەشە کردن:

بۆ ئەو بوارەش ژنان هەندێك دەربڕین و دەستەواژەی تایبەت بەرامبەر بە منداڵ یان گەورە بەکاردەهێنن: **هەڕەشە کردن لە منداڵ:** ( شەربێت داخت کەم. شەربێت بت کوژم. شەربێت لە ژورێك حەوت شەو و حەوت ڕۆژان سجنت بکەم. بێم دەست و لاقێکت لەبەر هەڵدەبەستم. بێم شین و مۆرت دەکەمەوە. لەخەویشدابیت دەستێکت هەر دەگەیەنمێ. ئەگەر بە لێدانم نەدای من ژن نەبم. ئەگەر بۆ هەموو دەمان ئاقڵم نەکردی، من ژن نەبم. مەگەر نێیەوە دەبێت هەڵت واسم. شەربێت وەك مار پێتەوە بدەم. ئەگەر بە بابتم نەگوت من ژن نەبم. شەرتبێ هێندەت لێدەم تویخێکی عومرت بەرم. شەرتبێت دەمارانت دەربێنم.

**هەڕەشەکردن لە گەورە:**( مەگەر بمرم دەنا تۆڵەی خۆمت هەر لێدەکەمەوە. شەرتبێ بە شەرتی دەخوای ئەوەت بە سەرەوە نەچێت. شەرتبێت ئەوداخەت پێبڕێژم. شەرتبێت وەك ماریت پێوە دەم ڕەزا ڕەزات بکەم. شەرتبێت نەجاتت نەبێت لە دەستم. ڕۆژێکم مابێت بۆتۆم ماوە. ساڵی سەش بێت تۆڵەی خۆمت هەر لێدەکەمەوە. شەرتبێت وەك دوپشکە ڕەشە پێتەوە بدەم.)

**هەڕەشە کردن لە کچ و ژن:**

(شەرتبێت لە سەرتوە نەچێت. قوڕت بەسەری لەتۆ وایە نازانم چیدەکەی. قوڕت بەسەر بەخوا ناهێڵم پێبگەی. بێم تیتکانت[١٧] دەردێنم. بێم دەمت دەبڕم. بەس خۆم دەزانم چیدەکەم.

---

(١٧) تیتك واتا قژ یان پرچ.

١٢-٢ تووڕەبوون:

ژنان زۆر تورە دەبن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك وشەو فۆڕم جیا جیا بەکار دەهێنن، کە هەندێکیان لە هی پیاو جیاوازترن، بەشێوەیەکی کەمتر لە لای ئەوان بەکار دێن، ئەو کەسەی، کە ژن لێی تورە دەبێت بەپێی تەمەن و ڕەگەز و ڕادەی تووڕەبونەکەی دەگۆڕێت. کاتێك، کە لە منداڵ تورە دەبێت کۆمەڵێك وشە بەکار دەهێنێت، کە جیاوازە لە تورەبوونی کچ، ژن، گەورە...هتد

**توڕبوون لە منداڵ:** (عەمر کورت، عەبوس، سەر ورچ، کەرەم سۆ[١٨]، کەلە پوچ، شایەتینی، لاسار.)

**لەکاتی وەڵامدانەوەی منداڵدا:**

( سارده کوان، لێخە لێخەت لە زمانی کەوێ، ژەهری مار، قورزەڵ قۆرت، سندانی دایە، دەردی دایە، ژەقنەموت، هێندەی داکت لە سەری جەرگی خڕبێت، خوا لەمنت وەرگرێتەوە.)

**تورەبوون لە کچ ، ژن :**(بە ملی شکاوت. بەرماوەی هەموو کەس. ئێسکت خواتەوە. چارەت مرێ. دێڵە مۆر. دێڵە ڕەش. ڕەزا گران. سەرتاشراو. چاو بەدەرەوە. ڕەشێ.)

**تورەبوون لە کوڕ، پیاو:** ( سەر و پۆتەڵاکت خواتەوە. جەرگت بە ئاوی هەنار ترش بێت. جەرگت خەرا بێت. ڕەزا قورس، ئێسك گران، چارەت خواتەوە، ئێسکت خواتەوە.)

١٣-٢ وەسفکردن: ئافرەتان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان لەو بوارەدا هەیە:

**دەرخستنی لایەنی چاکی:** ئەگەر وەسفی کچێك یان ژنێك بکەن یاخود لایەنی زیرەکی ئەو لەکارکردندا دەربخەن ئەوا ئەو دەربڕینانە بەکاردێنن: ( دەستوبردە. دەست ڕەنگینە. کابانێ ماڵانە. زیتو وریایە. ئیشکەرە. کاری لەبەردەڕوات.) ئەگەر بەتێگەیشتنی خۆیان وەسفی کچێك یان ژنێك بکەن ئەوا ئەودەستەواژانە بەکاردێنن. ( بە ژەهرەوە دەخورێت. بەخولقو خۆیە. خوێن شیرینە. جڵەوگرە. دەڵێ کەللە شەکرە. سەنگین و ڕەنگینە. بەماریفەتە. باڵایەکی پێوەیە دەڵێی عەرعەرە. باڵایەکی پێوەیە دەڵێی چنارە. دەڵی پەنیری تەڕە. قەدی دەڵێی شمشاڵە. پرچی دەڵی ڕەشە ڕەیحانەیە. مێوژ لە سنگی دیارە. بەژنی دەڵێی لاولاوە.)

**دەرخستنی لایەنی خراپ:** بەمەبەستی دەرخستنی سیفەتە خراپەکان ئافرەتان لەم جۆرەیاندا باڵا دەستن. شێوە و ڕوخساری دەم و چا و جەستە لە گەڵ خوڕەوشت و سروشتی بەرامبەر وەسف دەکەن.

**شێوەی دەم و چاو:** دەم گەوج، دەم کەچکە کۆن، دەم هەراش، دەم مەقەست، دەم کەچکە دۆ، دەم لەتکە لاپاڵم، زار گیرفان، لیچ خوار، لیچ بەڕە، زار ئەشکەوت، چاو دەنکە خورما، چاو تاکەوتاك، چاو خێل و پێل، چاو کونە سوژن، چاو قرژاڵ، چاو خێسە خوار، خێلە پەتە، چاو کونە قۆپچە. لووت پاڵوێنوە، لووت هەنگوتکە هەویر، لووت پان، لووت بیبەر، لووت شمشاڵ، لووت قەڵانگ، لووت قەشکێن، لووت قوڵە، لووت خوار، لووت خورما.

**سەر و پرچ:** ( سەر مازەڵە، سەر ماکەوە، سەر قەشان، سەر بۆزە، سەر ورچ، سەر جوانەگا، سەر کوزەڵە، سەر کەچەڵ، سەر زل، سەرپان، قژ لول، قژ بژ، قژ کوزەڵە.)

(١٨) کەرەم سۆ واتا قسەی کەس وەرناگرێت، هەر ئەو کارە دەکات، کە خۆی‌دەیەوێت.

**لەش و لار:**

١- **قەڵەوی:** ( دەڵێی دوو دەریە[١٩]. دەڵێی چوالوی ناو ڕەزییە. دەڵێی کولەکەی سەر و قون کراوی. دەڵێی ورچە. دەڵێی شەڵتە کایە. دەڵێی هەمبانەیە. دەڵێی لادیواری، تۆپە کەلەم، ورچە کۆن، خەپۆك، کیسەڵ، زلە.)

٢- **لاوازی:** ( خۆڵاوی بن عەرزێ. دەڵێی ڕێوی بەهارێیە تولەکی کردووە. دەڵێی دار دۆژەنگی جندانە، دێڵە چرچێ، ئەسپە ڕەقێ، مەڕە لەغەڕ، چرچە مارێ، سیسە مارێ، چیلکە، چرچ و پرچ، مارە بۆخۆڵە.)

٣- **درێژی:** ( دەڵێی قیسپی دارە ڕوتێیە. درێژەی بێخێر. توتنێ بن پەل کراو. عەمودی بێگڵۆپ. درێژ داوەڵ، دار چەڵاك.)

٤- **ناشیرنی – ترسناکی:** ( دەڵێی ڕموزنی گوێزێیە. دەڵێی دێوەزمەیە. دەڵێی مەیمونە. دەڵێی جندە.دەڵێی کەمتیارە.

٥- **وەسف کردنی پیاو بەگشتی و مێرد بە تایبەتی:** ( پیری هەزارساڵە، بێخێر و بێر، کەوڵە کۆن، مل پان، بێ کەڵك، لێفە کۆن، پیرە فۆترە، پیرە لۆلە، مل پۆپن، کەلاکە کۆن.)

٦- **بۆ ژنێك یان کچێك، کە سست بێت لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری ناو ماڵدا:** ( دەست و پێ سپیە، دەڵێی مردە لۆخییە، خاو و خلیچك، مەڕە مردوو، دەرنەهاتوو، دەست و برد نییە.)

٧- **بۆ یەکێك، کە قسە بگێڕێتەوە:** (فیتانە و شەیتان، کۆڵە فیتنە، فیتنەی دوو زمان، دوو ڕوو و فەساد، زمان درێژ، دەم دڕاو، قسەی تێناوەستێ.)

٨- **بۆ زیرەکی و بلیمەتی ژن دەگوترێت:** ( جندان دە کەو دەکات، ئاو بە دیوار هەڵدەگێڕێت، کەس ناتوانێت زەفەری پێبەرێت، دەلوو، جام باز، مەکر باز، حیلە بازێ.)

٩- **بۆ ژنێك یان کچێکی هار و بێشەرم:** (عەیبەی پێ عەیب نییە، بێ شعور، بێ ئابڕو، بێحەیا، بێ چاوەڕو، بێ حەیا و حورمەت.)

١٠- **بۆ ژنێکی دڵ تەڕ:** ( بە هەوا و کەیف، دەلووکا، دڵ مردوو نییە.)

١١- **بۆ یەکێك، کە ئاژاوە بنێتەوە:** ( سەر بە فەرتەنە، ئاژاوە چی، گێرە شێوێن، دڕوو.)

**سروشتی تاکە کەس:**

١- **زۆر زانی:** ( دەڵێی سەرە سۆدرەیە، دەڵێی حەجوزەیە، بە دەم و پەلە، زۆری دەزانێ و کەمی دەردەخات، عیلم باز، مەکر باز.)

٢- **گەڕۆکی:** ( کیلۆیەك بنێشت سەرف دەکات. دەڵێی سواڵکەرە. دەڵێی سەی پێ سوتاوە. دەڵێی خەجە دۆمە، فاتە گەڕۆك، تەشی فرۆش، دۆم.)

٣- **هار و هاجی منداڵ:** ( دەڵێی ئاگری قودرەتە. دەڵێی ئاوری بن کایە. دەڵێی سعر و جادوویە، بێحار[٢٠]، چەقاوەسو، دەست نارەحەت، ناجسن و نالەبار، عەجول، سەرە خۆرە، کەشکەی سواوە، حەرام زادە.)

---

([١٩]) بەواتای دەرگا گەورەی حەوشەی ماڵ. ئەو دەرگایەی ئۆتۆمبیل پێیدا دێتە ناوەوە. واتا ئاوا زل و قەڵەوە.

([٢٠]) لەکاتی ئاخاوتندا پیتی (ع) گۆڕاوە بە (ح) . بێعار بۆتە بیحار بە واتای هارو هاج.

٤- **ڕەزیلی:** (سواڵکەر، چڵ خۆر، چروك، بەغیل، پیسکە، حەسود، نان نەخۆر، چەتوون، فرچۆك، سەقیلی پیس.)
٥- **بۆ کەسێك، کە تازە دەوڵەمەند بوبێت:** ( هەڕاڵ، بەسەر داکەوتوو، ندی و بدی، بۆتە تانج.)
٦- **بۆ کەسێکی ئیشنەکەر یان نەزان:** ( زۆر نەزانە و خۆشی پێ زانایە. لەهیچ نازانێ و خۆی بە فەیلەسوف ناگۆڕێتنەوە. نەزان و هیچ نەبیست، تەمبەڵ و تەوەزەل، لەدەستان چوویە، بێکەڵك.)

٢-١٤ چەند بۆنەو بوارێکی تر:

جگ لە و بۆنە و بوارانەی، کە پێشتر ئاماژەمان پێدان چەند بابەت و تایبەتمەندییەك لە قسەکردنی ڕۆژانە ژناندا بەدی دەکرێن، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، ژنان لە چاوی پیس دەترسن و باوەڕیان بە کاریگەری چاو و نەفسی پیس هەیە. هەربۆیە باسی دەکەن و لایان گرنگە. لەکاتی نەخۆشییەك یان کارەساتێك بەسەر کەسێکدا دەڵێن: ( تیری قودرەتێ لێیداوە. چاوی پیس لێیداوە. لەچاویان بردووە.)

ئەگەر خۆیان وەسفی کەسێك یان شتێك بکەن لەپێشدا دەڵێن : ( ماشەڵا، کە زیرەکە. لەچاوی پیس بە دوور بی هێند جوان بووی. بەچاوەوە نەبی قەڵەو بووی.) زۆر جار لە دوعاکانیاندا باسی چاو پیسی دەکەن: ( لەچاوی پیس بەدور بیت. خوا بتپارێزێت لە چاوی پیس.)

لە کۆندا ئافرەتان لەجیاتی هەندێك نەخۆشی کوشندە چەند دەربڕاوێکیان بەکار هێناوە وەك ئەمانە: ( نەعلەتییەکەی بوو. جەڵدە پیسەکە بوو. لێی هات. دەردە پیسەکەیەتی.) هەروەها، کەباسی نەخۆشی یان قسەیەکی نەشیاو دەکەن چەند دەربڕاوێکی تایبەت بۆ بەرامبەرەکانیان بەکاردێنن وەك: ( دوربێت گوێی شەیتان کەڕبێت. پەرژینێکی بە گوڵ و ڕیحانان بێت. دوربێت لە گوێ دێران. دوربێت لە ڕووی هەموو مسوڵمانێك. دوربێت لە دۆست و برادەران. پەرژینێکی قایم بێت.)

لەکۆندا ئافرەتانزۆر باوەڕیان بە جنۆکە و ڕوحیانەت و شتی نەبینراو هەبووە. بۆیە، کەیەکێك نەخۆش بکەوتایە یان بمردایە دەیانگوت: ( دەستیان لێوەشاندووە. جندار بووە. هەنگاوتویانە. تێك چووە.)

ئافرەتان هەرچەندە قسە و باسیان زۆرە، بەڵام زۆر لە ڕووبەڕوو کردنەوە دەترسن. لەبەر ئەوە کاتێك بیانەوێت قسەیەك یان هەواڵێك بە بەرامبەرەکەیان ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە کردنی ئەو قسەیە یان بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە تاوانبار نەکرێن لە سەرەتای قسەکانیاندا دەڵێن: بە ئاقڵم، وابزانم، پێم وایە، دەنگۆی ئەوە هەیە، وادەڵێن، بەدەست خەڵکیەوە وا باوە.

وەك باسکرا، ئافرەتان کۆمەڵایەتین و تا دەتوانن پەیوەندییەکانیان دەپارێزن، لەکاتێکدا هەڵە یان کەمتەرخەمییەك بەرامبەر کەسێك دەکەن بەشێوەیەکی کاریگەر پۆزشی بۆ دەهێننەوە و دڵی ڕادەگرن، وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: ( زگ سوتاو و پشت شکاو بم، ئەوەم نەکردوە زمانم لێبێتەوە، من ئەو قسەیەم نەکردووە. یاخوا هەموو کوڕەکانم لەسەر یەك تات بشۆم ئەگەر زانیبێتم. یاخوا لاڵ و کەڕبم، گەر قسەی وام کردبێ. یاخوا نەگەمە بەیانی.)

## ئەنجام

**توێژینەوەکە، بەم ئەنجامانەی گەیاندوین:**

**١- کاتێك دەڵێن ئافرەت شێوازی ئاخاوتنی جیاوازە لە پیاو، واتای ئەوە نییە، کە زمانەکەی لە زمانی پیاوان جیاوازە و لێی تێناگەن، بەڵکو بارودۆخ و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەت وایکردووە، کە شێوازی ئاخاوتنی جیاواز بێت لە پیاوان، هەروەها بەپێچەوانەوەش.**

**٢- بەگشتی لەم ناوچەیە ئافرەتان هەندێك وشەو دەستەواژەی تایبەت هەیە و بەکاردێت لە شوێنیتر نابیستریێن وەك: ( وەحەسێی، وەخۆم)**

**٣- زۆر بەکارهێنانی مۆرفیمی کۆکردنەوەی (ان) لەکاتی ئاخاوتن لای ئافرەتانی ئەم ناوچەیە، وەك:**

**پەتاتان دەکرم. قاپان دەشۆم. نانی حەج و مەولودانی تێدا بخۆن. تیتکان دادێنم. ....هتد**

**٤- زۆر بەکارهێنان و دانانی مۆرفیمی (ی) لەسەر ناو لەکاتی ئاخاوتن، وەك:**

**برنجی لێدەنێم. جلکی دەکرم. بامیەکە بوون بەچێشتی مجێوری .......هتد**

**٥- زۆربەی کات (و یان وە) وەك جێناوی لکاو بەکاردێنن بۆ کەسی دووەمی کۆ. نموونە: بۆو بەداری بەری بێ (ت). ئەو تەشیەم بۆوە هێناوە.**

**٦- شوێن گۆڕینی هەندێك لە فۆنیمەکانی (ح، ع) بەتایبەت لای ئافرەتە بەساڵاچووەکانی ئەم ناوچەیە.**

**محەمەد ← معەمەد عەولا ← حەولا بێعار ← بێحار عەیشێ ← حەیشێ**

## سەرچاوەکان

١- أحمد الشايب، الأسلوب،الطبعة الثامنة، دراسة بلاغية تحليلية لاصول الأساليب الأدبية، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة،١٩٩١.
٢- ئەڤین سامی عارف، کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١١.
٣- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٧.
٤- دلین محمد صالح طیب، شێوازێ ئاخفتنا ئافرەتێ ل دەڤەرا بەهدینان، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١٠.
٥- صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی فەرهاد پیربالّ، نامەی ماستەر، زانکۆی *سەلاّحەدین، ٢٠٠٩.
٦- صلاح فضل، علم الأسلوب مبادئة واجراتة، دار الشروق ، الطبعة الأولى، القاهرة، ١٩٩٨.
٧- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٤.
٨- عەبدولواحید موشیر دزەیی، شیکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،٢٠١٢.
٩- علی حسن علی، ئاوی ژێر زەوی لە قەزای پشدەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.
١٠- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر،٢٠١٠.
١١- نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الكويت، ١٩٨٧.
١٢- هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة:محمود عبدالغني عياد، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.

١٣- Wardhaugh,R. An Introduction to Sociolinguistics, First publied, Blackwell,١٩٨٦.
١٤- Haas,A. Male and Female Spoken Language Differences:Stereotypes and Evidence, Psychological Bulletin, Vol. ٨٦, No.٣,١٩٧٩.

پوختەی توێژینەوەکە

توێژینەوەیەکی زمانەوانییەو لە بواری زمانەوانی کارەکیدایە بە ناونیشانی (شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە ناوچەی پشدەر)، بە مەبەستی نیشاندانی جۆرو چەشنی بیرکردنەوەی ئافرەت و تێڕوانینیان بۆ سروشت و دەوروبەر و ڕەنگدانەوەیان لە قسەکردنیاندا. توێژینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا سەرەتایەك دەربارەی شێوازو شێوازی ئەم توێژینەوە، شێواز و زانستی زمان، پێناسەی ئاخاوتن، زمان و ڕەگەز، فەرهەنگ و زمانی ئافرەت، تایبەتییەکانی دەربڕینی ئافرەت خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا، کە لایەنی مەیدانی کارەکەیە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە بۆنەو بوارە کۆمەلأیەتییەکاندا نیشاندراوە و هەندێکجاریش واتای نموونەکان ڕوونکراوەتەوە.

الخلاصة

ان عنوان هذا البحث هو (أسلوب تحدث المرأة في القضاء ثشدةر) هو استكشاف اللغوي في جانب من جوانب لغوية تطبيق للإشارة إلى تفكير المرأة وتصور عن الطبيعة والبيئة وانعكاسه في إلقاء كلماتهم. الذي يتكون من المقدمة و فصلين و النتائج:

الفصل الأول يتناول مفهوم الأسلوب بشكل عام وتحديد مفهوم في هذا البحث، الاسلوب وعلم اللغة، تعريف الكلام (الحوار)، اللغة والجنس، القاموس واللغة من المرأة، وقد ذكرت خصائص التعبير المرأة. في الفصل الثاني فهو فصل تطبيقي ويتضمن تحليل عينة البحث الخاصة ببعض المناسبات والنواحي الاجتماعية سيما المفردات والتعابير الاكثر شيوعا واستخداما لدى المرأة.

## Abstract

This paper which entitled (Women's accent in Pshder District) is a linguistic exploration in the aspect of applied linguistic to indicate women's thinking and perception about nature and their environment and its reflection in their speaking.

The research covers an introduction, two chapters and a conclusion:

The first chapter is about accent and the different ways of speaking, accent and the science of language, definition of speaking (dialogue), language and gender, dictionary and language of women and the specialties of women's expression have been stated. Beside this, in the second chapter which is the field aspect of the research paper women's accents in their dialogues in the different occasions and communication aspects have been stated.